# هۆنراوە

وێنە: ئیسماعیل عومەر حەسەن



## کەڵەشێرە ڕەنگینەکە

دلێر ئیبراهیم

هەبوو نەبوو
کەڵەشێرێکی چاوڕەشی
پۆپنە بەرزی
زۆر دەنگخۆشی
قەڵەو هەبوو
پۆپنەکەی سور وەکو هەنار
چوار پارچە بوو
ئەمسەرو ئەوسەری گەورەو
دوانەکەی تر بچوکتر بوون
دوو پەڕەکەیشی هەر سور بوون
قورس قورس
لە ژێر ملیا
داکەوتبوون
قاچەکانی و دەنووکەکەی
زەردی تۆخ بوون
پەڕی کلکی
چووبووە ئاسمان
وەکو کەوان هاتبووە خوار
هەتاو بوایە
ئەو پەڕانە
هەریەکەو ڕەنگێکی ئەنواند
پەڕی یەکەم
لە سەرەوە
سەوزی تۆخ بوو
دووەم زەرد بوو
سێیەم شینی پیرۆزەیی
چوارەم مۆر بوو
پێنجەم قاوەیەکی کاڵ بوو
شەشەم سور بوو
سەر ملەکەی
پرچی ئایشێ و فاتمە بوو
بەیانیان زوو
قو ققوو قوو
قوو ققوو قووی
دەست پێئەکرد
دە تۆش وەرە
بە دەست و برد
چۆن باسکرا
کەڵەشێرە ڕەنگینەکە
ئاوا ئەم وێنەیە ڕەنگ کە



## باڵندە

غەفور ئەحمەد

باڵندە ئێسك سووكە
خاوەن پەڕو دەنووكە
بە پێ ئەڕۆن لە ئەرزا
بە باڵ ئەفڕن لە بەرزا
خۆراكی دانەوێڵە
بۆ مێش و كرم وێڵە
كە یەكتری ئەبینن
ئەجریوێنن ئەخوێنن
جووتە ئەگرن لە بەهار
لانە ئەكەن لەسەر دار
لەبری زاوو زێ و مێچكە
ئەكەن كۆمەڵێك هێلكە
لەسەر هێلكە بەكڕ دێن
هەتا هێلكەكان هەڵدێن
كە بوون بە زەرنەقووتە
ئەپارێزن بە جووتە
خواردنیان بۆ ئەهێنن
لە خەمیان ئەڕەخسێن
تا گەورە بن باڵ بگرن
لەگەڵیانا هەڵبفڕن

